خێرترینی هاوڕێ لە لای خوای گەورە؛ باشترینیانە بۆ هاوڕێکەی، وخێرترین دراوسێ لە لای خوای گەورە؛ باشترینیانە بۆ دراوسێکەی

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترینی هاوڕێ لە لای خوای گەورە؛ باشترینیانە (بەسوودترینیانە) بۆ هاوڕێکەی، وخێرترین دراوسێ لە لای خوای گەورە؛ باشترینیانە (بەسوودترینیانە) بۆ دراوسێکەی».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

باشترین هاوڕێ کە پلەی بەرزە لە لای خوای گەورە ئەوانەن کە زیاتر سوودیان هەیە بۆ هاوڕێکانیان لە هەموو لایەنێکەوە، وباشترین دراوسێ کە پلەی بەرزە لە لای خوای گەورە ئەوانەن کە زیاتر سوودیان هەیە بۆ دراوسێکانیان لە هەموو لایەنێکەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3709